مالیکی هەوڵی چوارچێوە بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی بەهێز و پتەوکردنی هاوکاری لەگەڵ واشنتۆن دووپاتدەکاتەوە

سەرکی هاوپێمانی دەوڵەتی یاسا پێیوایە، عێراق پێویستی بە حکومەتێکی بەهێزە، بە ئەوەی بتوانێت چارەسەری کێشە هەڵپەسەردراوەکانی لێنوخە و دەرەوەی وڵات بکات و پێوەندییەکانیشی لەگەڵ ئەمریکا پەرەپێبدات.

نووسینگەی نووری مالیکی، سەرکی هاوپێمانیتی دەوڵەتی یاسا لە ڕاگەیەندراوەکدا باویکردەوە، نووری مالیکی پێشوازی لە جۆشوا هاریس، هەسووڵەنەری کاروباری باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە بەغدا کرد و لەبارەی بارودۆخی سیاسی و ئەمنی عێراق، هەروەها پێکهێنانی حکومەتی نوێی ئەو وڵاتە گفتوگۆیان کرد.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە، نووری مالیکی لە کۆبوونەوەکەدا ڕایگەیاندووە، هاوپێمانی چوارچێوەی هەماهەنگی و هێزە نیشتمانییەکان سوورن لەسەر پێکهێنانی حکومەتێکی بەهێز، کە توانای چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسەردراوەکانی ناوخۆ و دەرەوەی وڵاتی هەبێت، هەروەها بتوانێت پێوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی جیهان و لەسەرووی هەمووشیانەوە ئەمریکا پەرەپێبدات.

سەرکی هاوپەیمانەتی دەوڵەتی یاسا لە کەبوونەوەکەدا، جەختی لە گرنگی پەرەدان بە پەیوەندییە ئابووری و بازرگانییەکانی نێوان ئەمریکا و عێراق لەچوارچێوەی ڕێککەوتنەکان کردووەتەوە.

لەبەرامبەریشدا، جەشوا هاریس،هەڵسوڕێنەری کاروباری باییزخانەی ئەمریکا ویستی وەاتەکەی بە پەرەدان بە پەیوەندییەکانی نێوان واشنتن و بەغدا دەربڕی و ئاماژەی بەوداوە، ئەمریکا پارێزگاری لە پەیوەندییەکانی لەسەر بنەمای هاوسەنگی لەگەڵ لایەنە سیاسییەکان دەکات، بەبێ ئەوەی لایەنگری لایەنێک لەسەر حیسابی لایەنێکی دیکە بکات.